# فەلسەفەی وجوودی رژێمی ئاخوندی

رێباز




دەسەڵاتدارانی رژێمی ئێران لەدوای ئەوەی کە هاتنەسەر کار و جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەستی خۆیان دا قۆرخ کرد، زبر و زەنگ و پێشێل کردنی مافەکانی ئینسانیان دەست پێ کرد. هەنووکە نزیك بە ٣٠ ساڵە ئەو رژێمە بە قیزەونترین جۆرەکان خەریکی سەرکووت و کوشت و بڕ و جینایەتە و دەست لە هیچ کردەوەییێکی نامرۆڤانە ناپارێزی. ژنان، کرێکاران، خوێندکاران، ماموستایان، روناکبیران، رۆژنامەوانان، چالاکانی سیاسی و مەدەنی تا مندالانی ژێر ١٨ ساڵ لە سەرکوتەکان و ستەم موسیبەت و چارەڕەشی ئەو رژێمە بێ نەسیب نەبوونە.

جێگەی رامان و سەرنج، ئەو سەرپۆشەیە کە پیاوکوژەکانی رژێمی ئاخوندی چەندین ساڵە بۆ شاردنەوەی کار و کردەوەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن و کەمینەیێکی ساویلکەی پێ هەڵدەخەڵەتێنن. ئەویش پەردەی ئایینی و بەستنەوەی کردەوەکانی خۆیان بە دەستووراتی خوایە و بەو شێوەیە ئەو کەسانەی کە بیریان جیاواز بێ لەگەڵ فکری دەسەڵاتدارانی ئێران و بکەونە دژایەتی لەگەڵ رژیم جا بە هەر هۆییێك بێ بە پاساوی دژایەتی لەگەڵ دین و خوا دەستی چڵکاوخۆر و بەکرێگیراوانی خۆیان بۆ بەرێوەبردنی هەر جۆرە جینایەتێك ئاوەڵە دەکەن. لەنیزامی ئاخوندەکان ئەوەی بیری ئەو چەندکەسەی کە لە نووکی هەرەمەکە دا پاڵیان لێداوەتەوە و بەسەر خەڵك دا حوکمی نارەوا دەکەن، قەبووڵ نەبێ بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ دین بێسەروشوێن دەکرێ و دوای ماوەییێك یان لەناو دەبرێ و یان وای لێ دەکرێ کە پێناسەی کەسایەتی خۆی لێ وون بێ و نەتوانێ جارێکی تر وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی لەناو کۆمەڵگا دا بژی. رەنگە ئێستا بۆ زۆرێك دەرکەوتبێ کە رژێمی ئاخوندی ئەو بەرنامە و دروشمە رواڵەتیانەی کە چەندین ساڵە تەپڵی بۆ لێدەدا و گوێی جیهانیانی پێ کەڕ کردووە، تەنیا بۆ چاوبەست و فریو بووە و هەرگیز لەناخەوە باوەری پێی نییە و کردەوەی پێ ناکا. ئەو رژێمە تەنیا بیر لەمانەوەی دەسەڵاتی نامەشروع و ناخەڵکی خۆی دەکا، جا بە هەر نرخێك بێت. ئەوەش بۆتە سیاسەتی رەسمی و ئاشکرای دەسەڵاتدارانی رژێم. هەر لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتە هەڵە و نەزانانەیە کە دەبینین ئێستا بەتەواوی هەم لەناوخۆ و هەم لەدەرەوە تەریك کەوتۆتەوە و لەپێش چاوی مرۆڤایەتی بە گشتی بێزراو بووە.

لەقاودان و ئاشکرا کردنی ئەو لایەنەی کە وەك دەستەچیلە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەفڕەکانی خۆی رژێمی ئێران کەڵکی لێ وەردەگرێ زۆر گرینگە و لەهەمان کات دا بستنەوەی کردەوەکانی رژێم بە دینی پیرۆزی ئیسلام هەڵەییێکی زۆر گەورەیە، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە مەشیروعیەت دەبەخشی بە کردەوەکانی رژێم، دەبێتە هۆی شێوانی پەیامی ئەخلاقی و ئاسمانی دینیش.

مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتە و هۆی نووسینی، گیرانی دووبارەی ماموستایێکی ئایینی بە ناوی ئەیووبی گەنجی لەشاری سنەیە، رژێمی ئاخوندی لەچوارچێوی دژایەتی ئایین و باوەرداران بە دین ،ئەمجارەیان ماموستایێکی ئایینی کردۆتە ئامانجی خۆی. مامۆستا ئەیوب گەنجی خەتیبی نوێژی هەینی مزگەوتی قوبای شاروچکەی بەهارانی شاری سنە و تەییوبی برای و ماموستا حەسەن زارعی خەتیبی مزگەوتی ئەلنەبی، رۆژی ٢٠٠٨/٤/١١ لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ئێران گیران و بۆ شوێنێکی نادیار دەگوازرێنەوە. ماموستا گەنجی پێشتر بە هۆی شیکردنەوەی رووداوی کوشتنی ئیبراهیم لوتوتفوڵڵاهی، خوێندکاری کورد کە بەشێوەییێکی نادیار کوژرا، لەرۆژی ٧ی رێبەندانی ١٣٨٦ کۆچی خۆری، گیرا و دوای شکەنجە و ئازارێکی روحی و فیزیکی زۆر و لەژێر فشاری خەڵك و راگەیینە گشتیەکان ئازاد کرا. دیارە لەدوای ئازاد کردنیشی بە هۆی ئەو گشتە فشارەی کە لەزیندانەکانی رژێم لەسەری بووە تووشی لەبیر چوونەوە دەبێ و تەنانەت ناوی خزم و کەس و کاریشی لەبیر چوو بوو. هەر لەو پێوەندییەدا رۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ٨٧ دادگای رژێم لەئوستانی سیستان و بەلوچستان حوکمی ئیعدامی بۆ دوو ماموستای سوونی مەزهەب بە ناوەکانی (مەولەوی عەبدولقودوس مەلا زەهی و مەولەوی محەممەد یوسف سوهرابی) دەرکردووە. رژێمی ئاخوندی لەسەرەتای هاتنەسەر کاری بانگەوازی ئیسلام و دیانەتی دا و خۆی بە پارێزەر و داکۆکی کاری خەڵکی موسلمان ناساند، بەڵام هەر زوو دەرکەوت ئەو قسانە تەنیا دروشمی هەڵخەڵەتێنرن و لەعەمەل و پراکتیك دا خۆی بە پێبەندی هیچ یاسا و شەرعێکی ئیسلامی نەزانی و ئەوەی لەچوارچێوەی قازانجی خۆی دا بینی کردییە سەرچاوەی قانون و شەرع و بەوشێوەیە رووی راستەقینەی خۆی لەلای سەرجەم خەڵك ئاشکرا کرد. هەنووکە بە پێچەوانەی ئیدعاکانی دەسەڵاتدارانی ئێران ناوەرۆکی دژە ئایینی بوونیان، بە دەستێوەردان لەکاروباری وەڵاتانی ئیسلامی و نانەوەی ئاژاوە و بشێوی دروست کردن لە وەڵاتانێك وەکوو فەلەستین و لوبنان و عێراق و هتد... و بە سەرکووت و زبر و زەنگی کەمینە ئایینیەکان لەناوخۆی ئێران، یەك لەوان بەهاییەکان و درویشەکانی گونابادی و مەسیحیەکان و سوونني مەزهەبەکان و هتد... زیاتر دەرکەوتووە. لەلایەکی دیکەوە رژێمی ئاخوندەکان کە خۆیان بە داشداری تەواوی موسلمانانی جیهان دەزانن و باس لەئیمپۆاتوری ئیسلامی لە نەوعی شیعەکەی دەکەن، موسلمانانیشان دابەش کردووە بەسەر چاك و خراپ و ئەوەی لەگەڵ ئەو بیروباوەر ساختە و ناوەرۆکە بەتاڵ لە حەقیقەتەی خۆیان نەبێ بە خراپ و دژە دینی دەزانن و گیرانی دووبارەی ماموستائەیووب و ئیعدامی ماموستاکانی سیستان و بەلوچستان و لەپێشووش دا کەسانێك وەکوو مونتەزەریان کەدەستی راستی خومینی بوو بە تاوانی جیابیری خستە پەراوێزەوە کە ئەوانە نمونەی هەرە زیندوو و ئاشکران بۆ سەڵماندنی ئەو تاوانەی کە دەخرێتە پاڵ دەسەڵاتدارانی رژێمی ئاخوندی.

دەبێ باش ئاگادار بین کە کردەوەکانی رژێم هیچ پێوەندییێکی بە دین و دەستووراتی دینەوە نییە و دەسەڵاتدارانی رژیم لەپێناو درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتە لەرزۆکەکەیان دەست بۆ هەموو کارێکی نەشیاو و ناپەسەند دەبەن، تەنانەت ئەگەر بە زیان گەیاندن بە پیرۆزییەکانی خەڵکیش تەواو بێ.

لایەنێکی تری مەوزووعەکە کە پێویستە قسەی لەسەر بکرێ، هەڵوێستی لایەن و هێزە چەپ و لائیك و کومۆنیستەکانە بەگشتی کە لەسەر ئەو باوەرن، خەڵك لەلایەنی ئایینیەوە لەلایەن دەسەڵاتبەدەستانی ئێران ناچەوسێندرێنەوە و لەئاکامی ئەو روانگەیەش دەبینین لەکاتی روودانی مەوزووعێکی وەکوو گیرانی ماموستا گەنجی خۆیانی لێ گێل دەکەن و نایدەنە بەر پۆششێکی تەبلیغاتی و تەنانەت هێندێك لایەن دژایەتی ئەو جۆرە کەسانە دەکەن و بەناحەق دەیاندەنە پاڵ باقی دەست و پێوەندییەکانی رژێم کە ئەوە کارێکی زۆر هەڵە و زیانبارە. پێویستە حیزبەکانی کوردستان پشتیوانی خۆیان لەو ماموستا بوێر و بەشەرفانە بکەن کە هێڵی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتبەدەستانی ئێران دیار کردووە و لەکاتی روودانی هەر جینایەتێك لەکوردستان، بێ دەنگ نین و قارەمانانە لەدژی گەندەڵکاری دەست و پێوەندیەکانی رژێم رادەوستن و لەقاوی دەدەن و عامیلانی ئەو جۆرە کارانە ریسوا دەکەن. جێی خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ شەهامەت و غیرەتی کەسانی وەك ماموستا گەنجی و هیوادار بین کە وێنەی ئەو کەسانە زۆر بێ و هەروەها لەناوەندە بەشەر دۆست و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لەسەرانسەری جیهان داواکارین بەدەم ئەو کێشەیە بن و نەهێڵن زیاتر لەوە رژێمی ئاخوندی هەوسار پچراوانە ئەو جۆرە کردەوە دژە مرۆڤانەیە درێژە پێ بدا و بەزووترین کات لەهەوڵی رزگار کردنی ماموستا گەنجی دابن.

# چاوەڕوانییێکی نارەواو نابەجێی دەسەڵاتدارانی رژێمی ئاخوندی لە جەماوەری ئێران

محمد



دەسەڵاتدارانی رژێمی ئاخوندی ئێران زۆر باس لە بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکان جەماوەریی بوونی دەسەڵاتەکەیان دەکەن. لە دوای هەر شانۆییێکی هەڵبژاردنیش پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە بە ملوێنها کەس بەشداری هەڵبژاردنی کردوە و ژمارەی بەشداری کردنەکان لە سەروی ٦٠ لە سەدەوە بووە.

جێگەی سەرنجە کە دەسەڵاتدارانی رژێمی ئاخوندی لە رادەبەدەر درۆزن و ناراستن. چاوبەست و فێڵبازی و پروپاگەندەی ناراستی دەسەڵاتدارانی رژێم لە کۆن تا ئێستا لە کەس شاراوە نیە. بەڵام ئەو ژمارە دروست کردنە خەیاڵیانە و دروست کردنی درۆی وەك بەشداری کردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکان شتێکی سەیر و سەرسوورهێنەرە و لە راستیدا روو هەڵ ماڵاویی و بێ ئابڕوویی زیاتری ئاخوندەکان دەردەخا.

ئەوە ئاشکرایە دەسەڵاتداری ئاخوندی لە سەر ستەم و هەڕەشە و ئازاری خەڵك و زیندانی کردنی کەسایەتیە سیاسی و رۆشنبیران و خاوەن باوەڕانی مەزهەب و ئایینەکان و نەتەوە جیاجیاکانی ئێران بەردەوامە و کەم رۆژ هەیە هەواڵی ئێعدام و سەرکوتی خەڵك لەلایەن هەواڵدەریە جیهانیەکان بڵاو نەبێتەوە.

رادەی سەرکوتی خەڵك لەلایەن کاربەدەستانی رژێمی ئاخوندی بە رادەییێکە کە ناوەند و دامەزراوە جیهانیەکانی پارێزەری مافی مرۆڤی دەنگ هێناوە و زیاتر لە ٥٣ جار لەلایەن کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سەر پێشێل کاریەکانی مافەکانی مرۆڤ مەحکوم کراوە.

ستەم لە ئێراندا بە رادەییێکە لە هیچ تاك و چینێکی کۆمەڵگە لێی بێ بەش نیە. بەبوونی ئەو ستەمە بێ سنوورانە ئەو پرسیارە دێتە پێش ئایا کاتێك خەڵکی ئێران و نەتەوە جیاجیاکان بێجگە لە ستەم و بێدادی بۆ ساتێکیش هەل و مەرجی ئازادیان لە ئێران و لە دەسەڵاتداری ئاخوندی نەدیوە، چۆن دەکرێ ئەو دەسەڵاتە بەئی خۆیان بزانن و لە دەنگدان و هەڵبژاردنە نمایشیەکان بەشداری بکەن؟ بێ گومان ستەمگەر و ماف زەوت کراو و خەڵکی وەزاڵە هاتوو هیچ پێوەندییێکیان پێکەوە نیە و خاڵێکی هاوبەش و قازانجێکی هاوبەش پێکەوەیان نابەستێتەوە، بەتایبەت لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، رادەی ستەم و سەرکوت لە ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پەرەی گرتوە و دەسەڵاتداران زۆر بە راشکاویی و حەق بە دەستی باس لە سەرکوتگەریەکانیان دەکەن.

داخستنی رۆژنامەکان، تەنانەت ئەو رۆژنامانەی بەشێوەییێك پێوەندیان بە دەسەڵاتەوە هەیە، گرتنی روناکبیران، کەسایەتیە سیاسیەکان و سەرکوتی خوێندکاران و دانشجوەکان و پەرە پێ دانی گەڵاڵەی بە ناو ئەمنیەتیی بۆ سەرکوتی زیاتری ئازادیخوازان و خەڵك. دەیان و سەدان بەڵگە لە سەر ئەو راستیە حاشا هەڵ نەگرە هەیە کە خەڵکی ئێران ناتوانن دەسەڵاتی ئاخوندی بە ئیی خۆیانی بزانن و پێی دڵ خۆش بن.

جیاواز لە سەرکوت و هەڕەشە بەردەوام و بێ سنوورەکانی رژێم دژ بە خەڵك، هاوکات جەماوەری ئێران لە باری پێ راگەیشتن و خزمەتگوزاری لە هەل و مەرجێکی نالە باردان و گرانی لە رادە بە دەر سێبەری بە سەر ئێراندا کێشاوە. بە ئیعتراف و دیان پێدانانی کار بە دەستانی رژێم و رۆژنامەکانیان زیاتر لە ٧ ملوێن کەس لە ئێران لە ژێر خەتی هەژاریدان، هێندێك لە زانیاریەکان رادەی هەژاری خەڵك بە زیاتر لە ١١ ملوێن کەس بەراورد دەکەن. لە تازەترین هەواڵ و زانیاریەکان کە رۆژنامەکانی رژێم بڵاویان کردەوە، رادەی هەڵاوسانی ئابووری بووە ١٨/٥ پلە بەرە و سەر چووە و کە ئەو ژمارەیە لە چاو ساڵانی رابردوو زیاتر لە شەش پلە زیادی کردوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە ساڵی ١٣٨٦ی کۆچی خۆری داهاتی رژێم لە فرۆشتنی نەوت حەفتاد ملیارد دولار بوە، کە ئەگەر دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و خەڵکی بوایە ئەو داهاتە زۆرە، ئێرانی پێ ئاوەدان دەکرایەوە و گرانی و بێکاری پێ لە ناو دەچوو، بەڵام دەسەڵاتی ئاخوندی ٩٦ لە سەدی ئەو پوڵەی خەرجی کڕینی چەك و تەقەمەنی، پەرەپێدانی ترۆریسم و ئاژاوەگێڕی، پەرەپێدانی گەڵاڵە ناوکەییەکان و خەرج دەکرێ لە سەرکوتی خەڵکی ئێران و دامەزرانی ناوەندە سەرکوتگەرەکانی رژێم. بە پێی زانیاریەکان لە تەواوی ئەو ٧٠ ملیارد دولارە، تەنیا حەوت ملیارد دولار خراوەتە حیسابەکانی دەوڵەتەوە.

لە سەرتادا گوتمان کە خەڵکی ئێران بەو هەڵوێست و کردەوە دڕندانەی دەسەڵاتی ئاخوندان، هیچ پێوەندییێك لە نێوان خۆیان و دەسەڵات نابینن. دیارە لە باری پێ راگەیشتن و خزمەتگوزاری و گوزەرانی خەڵکیش وەك بە کورتی دەست نیشانمان کرد، خەڵك ناتوانن رژێمێك کە ٧٠ ملیارد دولار لە داهاتی نەوتی جەماوەر بە فیڕۆ داوە و کەس نازانێ چیی لێ دەکا، لە کاتێکدا کە هەژاری و بێکاری و گرانی لە رادە بە دەر باڵی بە سەر وەڵات دا کێشاوە.

بەو پێ یە، رژێمی ئاخوندی لە باری پێ راگەیشتن و وەزعی ئابووریش بە خەڵکی ئێران نامۆیە و پێوەندی لەگەڵ خەڵك پچریوە.

لە کۆتاییدا بەو ئاکامە دەگەین، کە دەسەڵاتدارانی رژێمی ئاخوندی بێجگە لە فێڵبازی هیچی دیکەیان نیە و کاتێکیش باس لە بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنە نمایشیەکانیان دەکەن و قسە لە جەماوەریی بوونی دەسەڵاتەکەیان دەکەن مەبەستیان گاڵتە کردن بە چارە نووسی خەڵك ئێران و داهاتوی ئەو وەڵاتەیە.

بێ گومان دەسەڵاتی ئاخوندی بەو مێژووە پڕ لە جینایەت و دڕندەیەی پێوەند بە خەڵکی ئێرانەوە نیە و هەر سەر ژمێری و و رادەییێك لە بەشداری خەڵك لە نمایشی هەڵبژاردن و لە بۆنە جیاجیاکان رادەگەیێنێ، شێوەییێکی دیکەیە لە بێ رێزی و ماف پێ شێل کردنی خەڵکی ئێران.

***

## سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ئێعدامی دوو پێش نوێژی سوننی لە بەلوچستان مەحکوم دەکا

سەر لە بەیانی رۆژی چوارشەممە ٢١ی خاکەلێوە، دادگای رژێم لە ئوستانی سیستان و بلوچستان بڕیاری ئێعدامی مەولەوی عبدالقدوس مەلا زەهی و مەولەوی محەممەد یوسف سوهرابی دوو پێش نوێژی سوننی لە زاهیدان پەسەند کرد و دوایی ئێعدام کردنیان جێ بە جێ کرا. ئەو دوو مامۆستا سوننیە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٦ لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی رژێم بۆ مەدرەسەی (علمیه شاه جمال) گیران.

دادگای رژێم ئەو دوو مامۆستا ئایینیەی بە تاوانی هەوڵ بۆ جیاواز دروست کردن لە نێوان شێعە و سوننی ئێعدام کردوە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ مەحکوم کردن ئەو کردەوە دڕندانەی رژێمی ئاخوندی. ئێعدامی ئەو دوو مامۆستا ئایینیە بە یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی رژێم بۆ دروست کردنی ناکۆکی و کێشە لە نێوان مەزهەبەکان و بیر و بۆچوونەکان لە ئێراندا دەزانێ و باوەڕی وایە رژێمی ئاخوندی لەو رێگەوە هەوڵ دەدا لەلاییێك سیاسیەتی سەرکوت و تۆقاندن پەرە پێ بدا، لەلاییێکی دیکە هەستی خەڵکی شێعە بۆ لای سیاسەتە گڵاوەکانی خۆی راکێشێ.

بەڵام گومان نیە، رژێمی ئاخوندی لەو سیاسەتەیدا سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ و ئاکامی شکست و ریسوایی و لە ناوچوون دەبێ.

بێ گومان سەرکوت و ئێعدام و تۆقاندن کار ناکاتە سەر خەڵکی خۆڕاگر و بێزار لە ستەم و ئەو توند و تیژیانەی کار بەدەستانی رژێمی ئاخوندی لە ئاکامدا بە زیانی خۆیان تەواو دەبێ و خەڵکی ئێران بۆ خەبات و راپەرین لە بەرانبەر دەسەڵاتی سەرکوتگەردا دێنە مەیدان.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی

٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری